# بە گوێرەی رووپێوێکی نوێ، دۆخی ژیانی منداڵانی هەرێمی کوردستانی عێراق بەرەو باشتر چووە، هەرچەندە گرفتەکانیش بەردەوامن

**هەولێر ١٧ کانونی یەکەمی ٢٠١٨** - رووپێوێکی نوێ سەبارەت بە ئاستی خۆشگوزەرانیی منداڵانی عێراق ئەوەمان بۆ دەردەخات هەرێمی کوردستانی عێراق بەرەوپێشچوونی بەرچاوی بەدەستهێناوە لە بواری دابینکردن و بەردەستکردنی خزمەتگوزاریی سەرەتایی ئاوی خواردنەوە و ئاوەڕۆ، بەڵام کاری زیاتر پێویستە بۆ کۆتاییهێنان بە هەموو شێوازەکانی توندوتیژی دژی منداڵان و هەروەها بەردەستکردنی خوێندن بۆ هەمووان .

لە کاتێکدا کە نزیکەی هەموو منداڵانی هەرێمی کوردستانی عێراق -(٩٦٪)- لە قوتابخانەی سەرەتایی دەوامدەکەن، کەچی تەنها (٦٧٪) ی منداڵان لە خوێندنی ناوەندی دەوامدەکەن؛ لەوەش کەمتر، لە سەرتاسەری عێراقدا تەنها (٣٧٪) ئەو منداڵانەی کە ئاستی گوزەرانی خێزانەکانیان باش نییە، دەتوانن خوێندن تەواو بکەن.

پیتەر هاوکینز، نوێنەری یونیسێف لە عێراق گوتی: " تەنگ و چەڵەمەی ئابووری، نەبوونی قوتابخانەی پێویست لە ناوچە گوندنشینەکان و هەروەها بەردەستنەبوونی گواستنەوە، تەنها هەندێک لەو فاکتەرانەن کە وا دەکەن منداڵان بێبەش بن لە بەدەستهێنانی خوێندنێک کە ژیانی خۆیان و کۆمەڵگاکەیان بگۆڕێت".

هەروەها هۆشداری دا کە:" ئەگەر خوێندنی باش و ئاستبەرز بە یەکسانی بۆ هەموان بەردەست نەبێت، ئەم کێشەیە کاریگەریی گەورەی لەسەر کۆمەڵگا و بووژانەوەی هەرێمەکە دەبێت، بە جۆرێک کە باری سەر شانی خێزانەکانیش گرانتر دەبێت بۆ پاڵپشتی و وەبەرهێنان لە نەوەی داهاتوودا ".

د. عەلی سندی، وەزیری پلاندانانی هەرێمی کوردستان گوتی: "سەرەڕای گرفتە ئابوورییەکانی دوو ساڵی رابردوو، داتاکان ئاماژە بۆ ئەو بەرەوپێشچوونە دەکەن کە هەرێمی کوردستان دەکەن لە دابینکردنی خزمەتگوزاریی سەرەتاییدا بەدەستیهێناوە لەوانەش بەردەستبوونی خزمەتگوزاریی تەندروستی و ئاوی خواردنەوە".

هەروەها ئەوەشی خستە روو کە: "رووپێوەکە هاوکاریی زیاتری حکومەت و هاوبەشەکانی دەکات لە دەستنیشانکردن و ئەولەوییەتدان بەو بوارانەی کە پێوستیان بە وەبەرهێنان و سەرمایەدانانی زیاترە."

لە پێناو پاراستنی مافی هەموو منداڵاندا، یونیسێف داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات بۆ ئەوەی وەبەرهێنانی زیاتر لەو خزمەتگوزرابیانەدا بکات کە بە شێوەیەکی راستەوخۆ سوودیان دەبێت بۆ ئەو منداڵانەی کە ململانێ و هەژاری کاری تێکردوون؛ هەروەها کار بکات بۆ ئەوەی کۆتایی بە هەموو جۆرەکانی توندوتیژی دژی منداڵان بهێنرێت .

**هەندێک خاڵ بۆ راگەیاندکاران :**

- هەرێمی کوردستان بەرەوپێشچوونی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە لە دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی چاودێریی تەندروستیی، لە نێویاندا، پارێزگاریکردن لە ئاستێکی بەرزی لە دایکبوونی هاوکاریکراو و هەروەها کەمبوونەوەی ژمارەی ئەو کۆرپانەی لە مانگی یەکەمی تەمەنیاندا گیان لەدەستت دەدەن، کە پێشتر، لە کۆی هەزار منداڵ ، منداڵیان٣٢ منداڵیان گیانیان لەدەست داوەو و ئێستا رێژەکە کەمبۆتەوە بۆ ١٧ منداڵ لە کۆی هەزار منداڵ.
- بەردەستبوونی سیستەمی ئاو و ئاوەڕۆ، لە رێژەیەکی پەسەندی جیهانیدایە(٩٨٪). هەرچەندە، گرفتەکان وەک خۆیان ماون بۆ زامنکردنی ئەوەی کە هەموو خێزانێک لە ماڵی خۆیدا ئاوی خواردنەوەی سەلامەت و بێ باکتریای زیانبەخشی پێ بگات .
- داتاکانی ئەم رووپێوە (رووپێوی هێشوویی فرەنیشاندەر) لە ساڵی ٢٠١٨ دا کۆکراونەتەوە. کارمەندانی مەیدانی لە پارێزگا جیاوازەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە، ٢٠٥٢٠ خێزانیان لە سەرتاسەری وڵاتدا کردووە .

ئەم داتایانە، پێوەرن بۆ زانیاریدان بە " ئامانجەکانی گەشەسەندنی بەردەوام- SDG " و ئامانجەکانی گەشەسەندنی نیشتمانی.

**بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە:**

لەیلا عەلی laali@unicef.org, +964 780 9258 542

راسان م. باقی، rbaqi@unicef.org +964 0750 9922